# چنار نامیق

# سوێبوونەوە لە وجود



**فەیسەڵ دێهاتی**

***✿ لەخوێندنەوەی کتێبی کۆ شیعری چنار نامیق بەنێوی (پێکەکان بیریان دەچێت بمخۆنەوە) واهەست دەکەم نەک هەر من بەڵکو هەموو خوێنەرێکی شیعر ڕەوتی هزرکردنەوەی بەرەو لێکدانەوەی ڕووداوەکانی دوێنێ و پێرێی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەڕوات. ئەم هزرکردنەوەیەش بۆلێکدانەوەی بەرایی دنیای شیعرەکان دوو هاوکێشە لەخۆ دەگرێت:***

***هاوکێشەی یەکەم-*** *دەرهاوێشتەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەم.*

**هاوکێشەی دووەم-** لێکدانەوەی باری سەرنج دەرهەق بەبوون و ڕەنگدانەوەی بەسەر باری دەروونی مرۆڤ و سەیرکردنی بوون و ژیان و دوا ڕۆژ بەدیدگایەکی نوێوە. بەگوێرەی ڕوانینی یەکەم... ئەگەر ئاوڕێک لەسەرهەڵدانی مێژووی تەوژم و ڕیچکە ئەدەبی و فیکرییەکانی سەدەی نۆزدەو بیست بدەین دەبینین ئەو ڕووداووکارەساتەی لەنێو دەریای خوێن و بۆنی بارووت وسووتان و پێکدادان وکاولکاری و ڕووخاندنەی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هاتووە، هەمدیس ئەو دژایەتی و دیمەنە دراماتیکییە سامناک و بێ سنوورانەی کەکەسانی دڕندە و دڵڕەق و بێوژدان بۆمرۆڤایەتییان داخستبوو. نووسەرو ئەدیب و شاعیرانیان لە خەونی سەوزو پەمەیی خستبوو، لەم کات و سات و سەردەمدا مرۆڤ وەک ئالەتێک بێهوودە تەڕاتێن دەکرا، بەدڵنیاییەوە ئەم ڕووکارانە هۆکاری سەرەکی ئازاردانی کەسانی خاوەن هەست بوو، بەرلەهەمووشیانەوە شاعیران. بۆیە لە ورد بوونەوە و ڕامان لەشیعری ئەم دوو سەدساڵە دەیان کەڵە شاعیری گەورە لە مێژووی شیعردا دەبینین گەڕانەوەیان بۆناو ناخ و دەروون و ویژدانی کەسایەتی خۆیان هەڵبژاردووە، ناخ بۆتە گەورەترین شوێنی دونیای خۆبەسەرکردنەوە، دونیایەک شوێنی زاتی خۆی لەنێو دەق ورستەو وشەدا جێکردووتەوە، چونکە ناکرێ لەهیچ حاڵێکدا مرۆڤ لە قەپێلکی زات دەربهێنێت.

بێگومان ئەو جەڕو مەنگەنەیەی ژیان بارودۆخی جیاجیا و نالەبار و ئاڵۆزکاوی بۆشاعیران دروست کرد. لەم ناساندنە مەبەستمە بڵێم بارودۆخی ژیان. کۆمەڵایەتی وڵاتی خۆمان، ئینجا بارودۆخی ژیانی سیاسی کاردانەوەو کاریگەی بەسەر دونیای (چنار نامیق)ەوە هەیە تاکو بێزاری و وەڕسبوونی خۆی لە بوونێک دەربڕێت کەخۆی دەستی لە هاتنە کایەوەیدا نییە، چنار وەک هەرکائینێک زادەی واقیعێکی کۆمەڵایەتی فەرز بووە، جاجیاوازی لە تێگەیشتن لە واقیعی فەرزبوو بەندە بەجۆری تێگەیشتن و لێکدانەوەو هەست پێکردن، چنار هەستی پێکردووەودەری بڕیوە:

**پاش دۆڕاندنی ئەم جەنگە نەمزانی ڕوو لە کوێ بکەم**<br>
**چەند موسافیرێکی سەیری بووین**<br>
**سۆز لەهەناوماندا دەڕژاو کیشوەرەکانی ئەوینمان بەجێدەهێشت**<br>
**سەیرکە چەند نامۆم بەم بوونە!!**<br>
**مردووەکانیش گۆڕەکانیان جێهێڵاو کەوتنە سەما تۆ گۆرانیت بۆدەوتن**<br>
**تەنیا من نەبێ لەو گۆڕەپانە سامناکەدا**<br>
**ریتمێکم نەبوو بۆژیان تا نۆتەیەک بۆخەمەکانم دابنێم**<br>
**سەمابکەن**

ڕووکاری دووەمی بەرجەستە لەشیعری (چنار نامیق)دا ڕوانینی فەلسەفیانەی بێهوودەییە، بەڕوئیای گەشتی ژیان لەنێوان لەدایک بوون و مەرگدا، دەکارێ بڵێین ئەو گەشتە پڕ لە ئێش و ئازارەی کە هیچ جۆرە یەکسانییەک لەنێوان بوونەوەرەکاندا نییە ،یاخود ئەو هەموو تەناقوزاتەی لەنێو ئەم بوونەدا هەیە، هەر لەخودی مرۆڤەوە تا دەگاتە گیانەوەرو بوونەوەرەکانی دیکەی نێو سروشت، ئەمجۆرە تەسائولاتە فەلسەفیانە مرۆی خاوەن هەست بەرەو چەشنە وەڕەس بوون و بێئومێدی و ڕامان دەبات .

شیعریش تائەم سەردەمەی ئەمڕۆ کە چاخی پێشکەوتنی هونەری پیشەسازی و تەکنەلۆژیایە بەڵام شوێنی بەرز و شیاوی خۆی هەیە لەنێو دونیای هونەرەکانی دیکەدا، چونکە شیعر لەگشت لکەکانی دیکەی ئەدەب و ئەفراندنەکانی مرۆڤ زاتیترەو زیاتر بەتێو قووڵایی دڵ و دەروونی مرۆڤدا ڕۆ دەچێ و ڕاستگۆ تریش ئیحساسی مرۆڤ دەردەبڕێ و نازدارانەتریش هەست و نەست و پەیوەندی نێوان مرۆڤ وسروشت بەگشت ڕووکارییەوە وەردەگیرێ، سەرباری ئەوبەشدارییە لەسنوور بەدەرەی لە دەربوونەی نهێنییەکانی داهێنان و بنیاتناندا دەیبینێ و وێنەسۆزی مرۆڤ بەمرۆڤی دیکە دەکێشی و نهێنییە سۆزە خەفەکراوو پەنهان کراوەکان ئاشکرا دەکات و لەگشت بوونەوەرێکی دیکەدا جودای دەکاتەوە، سەرنجی ئەم چەند درێرە شیعرەی چنار بدە:

**یاخود زەمەن تاوێ**<br>
**لەهاواری خۆی بکەوێ**<br>
**تاهێمنی بۆ گوێی وجود بەرپابکا**<br>
**ئیدی چۆن سات بەم نەمامی خەمەوە**<br>
**ئارامی خۆی لەدەست نەدات ..**<br>
**کوێ بگەرێین**<br>
**یەکسانی دابەش بوون دەبینینەوە ...؟**

شیعری نوێ ئەمڕۆ لەدونیادا نیگەرانی و دڵە ڕاوکێ و ئازارە بەسفتوسۆکان و چارە نووسی نادیاری مرۆڤ و بێزاری و میهرو خۆشەویست لەنێوان هەزاران بەرداشی هاڕین و خەون لەم ئەستێرەیەی ئێمە لەسەری دەژین لە خۆی دەگرێ، ئەم هاوکێشانەی ترس و ئومێد، بون و نەبوون وا دەکات مرۆڤ ئارامی لێهەڵسێت هیچ وەختێک ئۆقرە نەگرێت، وەک لەم چەند وێنە شیعرییەی چنار:




**بەرز دەفڕی**
**دەڕۆشت تاکو گەڵای تەمەنم**
**لەو درەختە ڕەنگاڵانە بکاتەوەو**
**ئەستێرەی بەختم لەئاسماندا**
**جێ لەق بکات**
**یان دەڵێت:**
**نیوە شەوێک**
**زەنگێک لێیدا و هێڵەکە پسایەوە**

**دەیان خەون و سەدان پرسیاری**
**لەناخمدا بەجێهێشت**

شیعر نووسین پیشەو ئارەزووی دروستکراوو داتاشراو نییە.. بەڵکو ئیحساس و هەستکردنە، لەسات و چرکە جیاجیاکانیش هەڵەچوونە لەبۆتەی توانەوەی ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوان و شارەزاییەکی هونەری بەرفرەو قووڵبوونەوەیەکی گەورە، ئەو داهێنانەی نەک لەشیعر بەتەنها بەڵکو لەبواری نووسینی دیکەشدا کەلە ئەنجامی موعانتێکی گەورەدا لەدایک دەبێت، شێوازێکی دەربڕینی تازەو جیای دوور لەجووینەوەو کاوێژکرنەوە دەگرێتەبەر، دەبێت گرێی دەروونی بۆئەو زڕە شاعیرانەی بەبێ موعانات مومارەسەی شیعر گوتن دەکەن، سەیری ئەم هەڵچوون و موعاناتانەی چنار بکە:

**دەستی ئەو چنارانە بگوشین**
**لەغوربەتدا دەڕوێن و**
**ڕێی نیشتمان ناناسنەوە**
**تۆ ئەی ئەوکەسەی**
**قامەتت بە پێکهاتەی ناوم دەچێت**
**ئالەو خەونەم رامەکەرەوە**
**لەتەمەندا جارێک دەیبینم**
**بازەرنەقوتەی ئەندێشەم**
**جیا لەمن بروانێتە بوون**
**بۆمەحکوم بێن هزرگامان**

وێنەی شیعر بەرزترین لوتکەی شیعرە، وێنەی چوون یەکتر بێت شیعر بەرپرسارێتی ریتم و میوزیک دەربڕین و دەستەواژە شیعرییەکان و هەڵگێرانەوەی بەرەو زەین دەگرێتە ئەستۆ، چێژێکی بەجۆشی خەون دیدە بەهەستە راچەنیوەکانی مرۆڤ دەبەخشێت، وێنەی شیعر لای چنار بنیاتنان و ئارەزوویەکی ئیستاتیکی و کارتێکردنێکی کاریگەرە بۆهەژاندنی دەروون- باسترناک دەڵێ: مرۆڤ بێدەنگەو وێنە شیعرە خۆی دەدوێ، سەیری ئەم وێنانەی چناربکە:

**لەقوتبی سەهۆڵبەندانەوە هاتم و ئیستێکم کرد**
**کە خۆر نوێژی خۆشەویستی بۆ دابەستم**
**من دەمزانی ڕۆژێک دادێت**
**بەتاسەی هەناسەی گەرمی**
**دەتوێمەوە و دەڵێم جەخار لەو قەدەرەی وای لێکردم**
**لەپۆلی حەوا و ئادەم بم.**
**یان:**
**سۆمای چاوە بێدارەکانمان**
**بەو هێشووە فرمێسکەوە جوان بوو**
**لەچاوی مەنگی شەوێکی هەلکوڕماوی**
**بەرشەستە بارانی قەدەر**
**دەرژایە ناخی شەوێکی نووتەک ترلەبوون و**
**سپێدە وەدەرنەکەوت**
**جیهانێکی نامۆتری لەغوربەتدا کرد بەمەئوا**
**هاوەڵی ئەو خەمانەبووین.**

ئەم وێنە شیعرییانە دەبنە رێگای شێواز دۆزینەوە و بەجێهێشتنی شوێنەوارێکی بەهێز هەست قایم لەهزری خوێنەری راستەقینەی شیعردا، ئەو ململانێەی نێوان روئیاو مناڵی و ترس و وچێژو مردن و وەرسبوون و...تاد، لەشیعری چناردا رووبەرووی کەون و هەندێک کەرەت قەدەرو جەخت و چارەنووس دەبێتەوە، ئەو پەیوەندییەی لەێنوان زات و دەوروبەیدا هەیە، وێنەی شیعری زیندووی بەرجەستەیی هۆش و هەستی تیا دروست کردووە، لەزەینی ئێمەش گەڵاڵە دەکات، رۆحی شیعری ئەو هەر بەتەنها لەهزردا نامێنێ بەڵکو تێکەڵ تێکەڵ بەروانینێکی دوورتر لەچڕۆ دەبێت و ژیان وەک سەراب دەنەخشێنێ.

چنار لەم کۆ شیعرەیدا بەزمانێکی شیعری و وێنەی شیعری بێ دووبارەبوونەوە بەسەر تەلی ئاوازی تایبەت بەخۆی، خۆی بەخوێنەر ناساندووە.

جیهانێکی تایبەت، زمانێکی تایبەت، ریتمێکی تایبەت، ئاوازێکی خەم ئامێزی تایبەت، ئەوانە هەمووی چنار لەشاعیرانی سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە

چنار لەم کۆ شیعرەیدا بەزمانێکی شیعری و وێنەی شیعری بێ دووبارەبوونەوە بەسەر تەلی ئاوازی تایبەت بەخۆی، خۆی بەخوێنەر ناساندووە.

جیهانێکی تایبەت، زمانێکی تایبەت، ریتمێکی تایبەت، ئاوازێکی خەم ئامێزی تایبەت، ئەوانە هەمووی چنار لەشاعیرانی سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە ■